# خۆکێشانەوە لە بەغدا بە قازانجی کوردە

ئەمجەد شاکەلی

جاروبار گوێم لە خەڵکانێک دەبێت، کە باس لە دانوستاندنەکانی دەستووری عیراق دەکەن، دەڵێن: خوانەکردە ئەگەر پێکنەهاتن و خودانەخواستە ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوا ڕەوش تێک دەچێت و کورد بێ ئەنجام دەگەڕێتەوە. من ڕێک پێچەوانەی ئەوە بیر دەکەمەوە و دەڵێم خوداخواستە پێک نەیەن و خوداکردە نەگەنە ئەنجام، بەڵکە سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان بگەڕێتەوە کاولەکەی خۆی و ماڵەکەی خۆی یەکخات و بریاری گەل، تەواوی گەلی کوردستان بهێنێتە جێ و لەگەڵ عیراقدا بیقرتێنێت. کە تەماشای کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنە عەرەبەکان دەکەیت و گوێت لە قسەی عەرەب دەبێت و ڕۆژنامەکانیان دەخوێنییەوە و گوتارەکانیان لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتدا دەبینیت و میدیای عەرەب دەهێنیتە پێش چاوی خۆت، هیچ وشەیەکی ئەرێنیت لەمەڕ خواستەکانی گەلی باشووری کوردستانەوە گوێ لێ نابێت. دیارە ئەمە دیاردەیەکی نوێ نییە و منیش بە تەنێ بەو ئەنجامە نەگەیشتووم. عەرەب بە دەنگی بەرز دژ بە کورد هاوار دەکەن و هیچ بۆ کورد بە ڕەوا نابینن. لە پاڵ دەنگی بڵندی عەرەبدا، دیارە کە دەڵێم عەرەب مەبەستم هەموو عەرەبی سەر گۆی زەوییە، نووزەیەکی دیکەش لێرە و لەوێ بەرگوێ دەکەوێت ئەویش نووزەی تورکمان و برێک لە ئاشووری و ئەوانی دیکەیە. ئەو خەڵکانەش ڕێک بە بای عەرەبان شەن دەکەن و بە زۆرنای ئەوان دێنە سەما و هەموویان تەواوکەری یەکدین. سەرکردیەتیی سیاسیی کورد ئەگەر خۆی و گەلی کوردستانیش نەخەڵەتێنێت، ئەوا تەواوی ئەو مانەوەیان لە بەغدا و بەشداربوونیان لە دانیشتنەکانی گوتوبێژی دەستووردا و هەموو دانیشتنەکانی دیکەی چێکردنی عیراق و دامەزراندنەوە و یەکخستنی عیراق و هەوڵدانیان بۆ پاراستنی یەکیەتیی خاکی عیراق، ماندووبوونێکی مایەپووچ و بێهوودەیە و دەبوو هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووخانی ڕێژیمی بەعسەوە دەرکیان پێ کردبا. ئەگەر تەواوی ئەو ماندووبوونەیان بۆ یەکخستنەوەی کارگێڕی و حوکوومەتەکانی خۆیان(هەولێر و سلێمانی) تەرخان کردبا، ئێستاکە بارەکە جۆرێکی دیکە دەبوو. خۆگرێدان بە بەغدا و عیراقەوە و بەهاوارەوەچوونی عیراق لە لایەن سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستانەوە، بۆ خۆی سازش بوو و نزمتەماشاکردنی گەلی کوردستان بوو و خۆسزینەوە بوو لە خواستە ڕاستینەکانی خەڵکی کوردستان. بەدەمەوەچوونی عیراق و گوێدانە قسەی عیراقییان و چاوەنواڕی خێر و بەرەکەت لە عەرەب و عیراق و عیراقییانەوە، بۆ کورد، لە باشترین حاڵدا پاشەکشە و پەشیمانبوونەوە و پاشگەزبوونەوەی لە دوایە. ڕۆژێکی زیاتری مانەوەی سەرکردیەتیی سیاسیی کورد لە بەغدا و خۆشەکەتکردنیان بە عیراق و عیراقییانەوە و هەر سستی نواندنێکیان، پاساوێکە بۆ ئەمەریکا، کە دەسەڵاتداری ڕاستینەی عیراقە، بۆ ناچارکردنی کورد و پتر گوشارخستنە سەر کورد و پتر سەرنەویکردنی کورد بۆ پاراستنی عیراق و یەکیەتیی خاکەکەی و دەستبەرداربوون لە خواستە بنەڕەتی و کرۆکییەکانی گەلی کوردستان وەک ئەوەی گەلی کوردستان دەیەوێت(سنووری کوردستان و مووسڵ و کەرکووک و شەنگال و شێخان و خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسسان، فیدرالی، مافی چارەنووس، پێشمەرگە، سامانی سروشتی و...) و نزمبوونەوە و چۆکدادان و دابەزینە بۆ ئاستی ئەوەی، کە عەرەب و عیراقییان بۆ کوردی بە

ڕەوا دەبینن. هەر پێکهاتنێک لەمەڕ دەستوورەوە بکرێت و ئەو مافە ڕەوایانەی کوردی تێدا نەبێت یا ڕێژەیەکی لێ کەم کرابێتەوە، ئەگەر لە ژێر گوشاری ئەمەریکا و زلهێزانی دیکەشدا بێت، کە دەیانەوێت کورد بکەنە قوربانیی خەڵکی دیکە، دەکاتە سازشێکی گەورە لە لایەن سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستانەوە و هیچ پاساوێکی نییە و ناکرێ لە ناپاکی زیاتر چ نێوێکی دیکەی لێ بنرێت.

2005/8/20